# How can transport shape a more peaceful Leeds?

INFUZE

in-fuze.org.uk

ئینفیوز (INFUZE) هاوکارییەکی نوێی کە کار دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە چۆن ئینفیوز سیستەمێکی گواستنەوەی داهاتوو دەتوانێت باشتر کار بکا بۆ کۆمەڵگا و شوێنەکانی لەیدز. ئێمە دەزانین ئەگەر بەم شێوەی ئێستاوە بەردەوام ببین، قەرەباڵغی تەنیا خراپتر دەبێت شەقامەکانمان پڕ تر دەبن لە قەرەباڵغی.هەروەها دەزانین کە ئێستا بۆ زۆر کەس قورسە دۆزینەوەی بژاردن گواستنەوە کە جێ متمانە بن، نرخەکەیان گۆنجاو بن، ئاسان بن و بۆ کۆمەڵگا باش بن.

بە یەککستنی شارەزایی زانکۆکانی لیدز،لانکاستەر و کۆلێژی شاهانەی هۆنەر، ئینفیوز (INFUZE) خەریکی پەرەپێدانی ڕێگایەکی باشترە بۆ دیزاین کردنی سیستەمەکانی گواستنەوەی داهاتوو ، تاکو خەڵک بتوانن کاتێک لەو شوێنەی دەیانەوێت بڕۆن بە بێ ئەوەی پێویستیان بە خاوەندارێتی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان بێت. ئێمە بە هاوکاری لە گەڵ کۆمەڵگاکان کار دەکەین بۆ دروست کردنی پلانێک بۆ داهاتوو کە دادپەروەرانەتر و گشتگیرتر بێت.

ئینفوز (INFUZE) لە پاییزی ٢٠٢٤ بانگەوازییەکی کرد بۆ هەڵمەتی کارکردن کە زیاتر لە ٥٠٠ دانیشتووی لیدز وەڵامیان دایەوە؛ لە بەهاری ٢٠٢٥ دوو کۆبوونەوەی داهێنەرانەی لە مۆزەخانەی شاری لیدز ساز کرد؛ سپرینتی دیزاینمان بۆ قوتابیانی پۆلی ١٠ لە چوار قوتابخانەی جیاوازدا ئەنجامدا، لەوانەش کار مانۆر؛ تاقیکردنەوەیەکمان لەگەڵ ١٠ خێزاندا سەبارەت بە هاوبەشیکردنی ئۆتۆمبێل ئەنجامدا؛ و پاکێجێکی ئامرازی بەشدارییپێکەرانە پەرەپێدەدەین بۆ یارمەتیدان لە دارشتنی گواستنەوەی داهاتوو، بە ئیلهام وەرگرتن لەو شتانەی کە لە هاوولاتیانی هەموو تەمەن و پاشخانەکان لە لیدز فێری دەبین.

لەگەڵ ٢٩ هاوبەشدا کە کۆمپانیا و دەسەڵاتە خۆجێیی و گواستنەوەکان لەخۆدەگرن، ئێمە باوەڕمان وایە کە داهاتوویەکی ئیلهامبەخشی گواستنەوە ئەگەری هەیە. ئایا دەتەوێت بچیتە پاڵ ئەم بزووتنەوەیە؟


UKRI Engineering and Physical Sciences Research Council

Royal College of Art

Lancaster University

UNIVERSITY OF LEEDS